# دیمەنە ناشیرینەکانی حکومەتی پارتیەکان لە دەرەوەی وڵات

د. هەورامی ئافراسیاو مۆسکۆ

یەکێك لـە ڕواڵـەتە ناشیرینیەکانی دوو دەسەڵاتی کوردستانی باشور کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی پارتیەکانە هەبوونی دوو نوێنەری دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لـە دەرەوەی وەڵاتە. کە بە داخەوە سەرکردایەتی هەردوو پارتیەکە هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە یان نایانەوێ لـەپێش چاوی وەڵاتان و کۆمەڵانی بیانی ئەم دیاردە ناشیرینە بە شێوەیەك لـە شێوەکان چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی نەکەوینە بەرتانەوتەشەرولـومەی خەڵك. بۆ وێنە دەکرا ١– نوێنەرەکانیان بە نۆرە شەش مانگ یا سال بە ساڵ یەکێکیان نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمیان کردبایا. ٢– یا یەکێکیان بەرپرس و ئەویتریان جێگر و یا یاریدەر بوایا. ٣– یا بە پێی وەڵاتەکان دابەشیان کردبایا بۆ وێنە لـە وەڵاتی الـف– نوێنەری یەکێکیان و لـە وەڵاتی ب– هی ئەوی تریان ٤– یا هەر پێویست نەبوو بە ناوی حکەمەتی هەرێمەوە دانرابێن بەڵکو بە ناوی نوێنەری پارتییەکانەوە.

حکومەتەکانی دەرەوە بە تایبەت دیپلۆمات و ڕۆژهەڵاتناس و دۆستان و چاودێرانی کێشەی کورد کەم یان زۆر ئاگایان لـەو دوو دەسەڵاتەی باشوری کوردستان هەیە بۆچون و هەسەنگاندیشان دیارە دەبێ چی بێت و دەزانن کە بۆ چی لـە دەرەوەش دوو نوێنەری دوو حکومەتی پارتیەکان هەیە بەڵام بۆ خەڵکی ئاسایی بە تایبەت ئەگەر لـە کۆڕ و کۆبوونەوە یان کۆنفرنس یا جێژن و بونەیکەوە دوو نوێنەری دوو خکومەت ئاخفتنێك بکەن یا پیرۆزبایی بکەن یا چاوپێکەوتن و دیدارێك بکەن یا پەیوەندیەك بکەن یا چاپەمەنی پارتەکانیان بڵاوبکەنەوە دەسبەجێ پرسیاریان بۆدێتە پێش یا سەریان لێ تێك دەچێت بۆ دەبێ کوردستان دوو حکومەتی هەبێت، کامەیان ڕاستە، یا خود هێشتا کورد کیانی نیە لـە هیچ شوێیکا دانی پێ نەنراوە و گەلێك لـەو پرسیارانە کە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە نەتەنیا بۆ نوێنەرەکان یان زەحموتە و ناتوانن قەناعەت بەکابرایەکی بیانی بکەن و بۆی ڕون بکەنەوە بەڵکو بۆ کوردێکی بێلایان کە هەست بە شەرم و موچرك دێت بە لـەشیا ناتوانێت وەڵامێکی ڕاستەوخۆ یا کورتی بداتەوە و ناکرێت کورتە مێوژیەکی دروست بوونی دوو دەسەڵاتیان بۆ باس بکەیت هۆکامەکانیان پێ بڵێ.

جارێکیان لـە ماڵێك کە جگە لـە کورد پێنج نەفەری ناکورد و خەڵکی سێ وەڵات بوون و وەك هەمیشە تەماشای هەواڵـەکانی دوو کانالـە ئاسمانیەکەی کوردستانی باشورمان دەکرد و هەوالـەکانمان بۆ برادەرە بیانیەکان وەردەگێرا و هەوڵمان دا کە هەست بە دووبەرەکی دەلات لـە باشوری کوردستان نەکەن لـەیەکی لـە کانالـەکان وتمان ئەوە سەرۆك وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشورە بەڵام کە سەیری کانەلـەکەی ترمان کرد هەر ئەو مرۆڤە پرسیاری کرد ئەوە کێیە ( کە سەرۆك وەزیرەکەی حکومەتەکەی تریان بوو) نەدەکرا وەڵامی نەدەینەوە و جوانیش نەبوو بڵێین ئەویش سەرۆك وەزیرە و پێمان وت ئەوە وەزیرە بەم شێوەیە وەڵامێکمان بۆ هەڵبەست.

بە هەولکەوتیش جاریك دەیتەیەکی نوێنەرایەتی حکومەتی پارتییەکان بۆ پەیوەندی گرتن لـەگەل دەوڵـەت و پەرلـەمان و هێزە سیاسیەکانی ئێرە سەردانی ئەم دەولـەتەیان کرد کە بیروریان بۆ کێشەی کورد و یارمەتیدانیان ڕاکێشن پێش پەیوەندی گرتنبەو لایانەوە یەکێك لـە زانایانی کێشەی کوردی ئەم وەڵاتە پیێی وتن کە بچن لـەسەرتادا نێوان خۆتان لـە کوردستان پێکبێن و واز لـە شەڕ و براکوژی بێنن و دامودەزگاکانتان بکەنەوە یەك ئینجا هەولی پەیوەندی گرتن بە وەڵاتانی دەرەوە بدەن با قسەتان لایان بروات و. . . . بەڵام پێم وانیە کارێکی لـە سەر کردبن.

زۆری پێ نەچو دەستەی نوێنەرایەتی حکومەتەکەی تریان هەر بۆ ئەم وەڵاتە هات و چییان کرد بێت و لـۆمەی ئەوی تریان چۆن کردبێت نازانم بەڵام ئەوانیش هەربەو مەبەستە هاتبوون. ئەگەر دەستەی نوێنەرایەتیەکەیان حزبی بوایا نەك حکومی یا خود هاوبەش بەایا لـۆمە و بەدگویی یەکتریان نەکردبایا مرۆڤ داخ لـە دڵ نەدەبوو.

لـە هەندێ لـە وەڵاتانی دەرەوە نوێنەرانی حکومەتەکانیان جگە لـە بەکرێ گرتنی خانووبەرە بۆ ژیانی خۆیان و ئۆفیس (مەکتەب) و بگرە سکرتێر و فەرمانبەر و ماشێن و خەرجی ماشێن و خواردن و خەرجی هاتووچۆ و دەعوەت و گەشت و سەفەر و مێوانداری و ڕابواردن و مێوانی کردن و بگرە هەیان کە دەڵێن پاسەوان (حمایە) نیش هەیە کە بەوتەی چاودێرێکی کورد خەرجی هەندێك لـەوانە لـە خەرجی هەندێ لـە سەفارەتی وەڵاتانی جیهانی سێیەم زیاترە ( یا هەبوونی دوو کابینە و هەموو وەزارەتخانەکان و بەرێوەبەرایەتی و دامودەزگایەکی بیرۆکراتیك و مشەخۆرەوە لـە خودی کوردستان) کەی ئابووری و داهاتی کوردستان و بارودۆخی گەلی کورد تاقەت یا بواری ئەو شتانە ئەدات لـە کاتێکا لـە زۆربەی وەڵاتانی دونیا کەم کردنەوەی وەزارەتخانە و بەرێوەبەرایەتیەکان و کارمەند و فەرمانبەرانیان هەن بۆ کەم کردنەوەی خەرج و هەم بە

مەبەستی کاریگەرتر کردنیان و هەم بۆ ئاسان کردنی کۆنترولی دەولـەت بەسەریانەوە لـەمێژە دەستی پێ کردوە و دەبێ ئێمەی کورد لـەو ئەزمونانە کەلـك وەرنەگرین.

ئەو دامودەزگا بیروکراتیەی کە لـە دەرەوە و ناوە کە هەردوولا پێکیان هێنا و زەحمەتە هەردوولا رزگاریان بێت لـە دەستیان یەکێك لـە گەورەترین کۆسپەکانی پێکهاتنی هەردوولا ریکخستنی حکومەتێکی یەکگرتوو و هاوبەند یا نوێنەرایەتیەکی گشتیلـە وەلاتانی دەرەوەن چونکە ئەوانە زۆربەیان ئامادە نین پلـە و پایەی خۆیان لـەدەست بدەن بۆیە پرۆسەی چارەسەری کێشەکان بە خێرایی ناچنە پێشەوە. مەبەست لـەم بەشەی وتارەکە تاوتۆکردنی هەبوونی دوو نوێنەرایەتی دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لـە دەرەوە بوو کە پێم وایە نەبونیان بەو شێوەیە لـە هەبوونیان گەلـێك بە قازاجترە لـە هەوەلاتێك کە بن بەو شێوەیەی کە چەند سال ئیش دەکەن نەتەنیا دەوری سلـبییان لـەسەر هەلـوێستی ئەو دەولـەتانە بەرامبەر بە کێشەی کورد دەبێت بەلـکو لـەسەر کۆمەلانی گۆمەلـگەی بیانی و دیاسپەری کوردیش لـە دەرەوە هەروا واتە یا دووبەرکیش دروست بووە یا هێندە ئاستی فیکری و چوارچێوەی تەنگی حزبییاتیان نزمە ئەگەر مرۆڤێکی بێلایان یا سەربە پارتیەکی تر یا کوردی بەشێکی تری کوردستان سەردانی یەکێیان بکات و پەیوەندی پێوە هەبێت نابێ لـەگەل ئەویتریان پەیوەندی هەبێت دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە جگە لـەوە ئەو مرۆڤە دەبێ نیشان بدات کە کامەیان وەفادار و لایەنگرە یا کار بۆ کام لایان دەکات و جگە لـەوەش دەبێ گوێرایەلی بێت. لایەنەکەی تریش بە نابەدلـی و بە خراپی لـەگەلی ئەجولـێتەوە، ئیتر باسی مرۆڤی سەربەخۆ ناکرێت کە ئەگەر بەدەم و بە پێنووس رەخنەی لێ گرتبن یا لێیان بگرێت بە دوستی حزبەکانیان نازانن. واتە لـە دەرەوەیش هەر ئەو دووبەرەکیە رەنگی داوەتەوە و لـەبەر ئەوەی کە روداوەکانی عێراق بە خێرایی و چاوەروان نەکرا و دەچنە پێش و بیرو رای کۆمەلانی جیهان و دەزگاکانی دا کە باندی دونیا ئیمرۆ و بەرەو لای روداوەکانی عێراق راکێشاوە و هەموولایەك بە تایبەتی دەزگاکانی راگەیاندن هەول ئەدەن زانیاری زیاتریان دەستکەوێت بۆیە بەدوای سەرچاوەی دەنگوبارس و زانیاری نوێ دەگەرێن و لـەهەمان کاتیشدا هەولێ ئەدەن خۆیان بگەێننە کوردستان.

لـێرەشدا کورد نوێنەرایەتیەکی یەکگرتوو یا قسەکەرێکیان لـە دەرەوە نیە کە رووی تێبکەن. زۆربەی نوێنەری حکومەتی حیزبەکان بە هۆی تێنەگەیشتن لـەبارودۆخەکە و یا لـەبەر نەزانینی زمانیش ناتوانن هەل نەقۆزنەوە و کێشەی کورد بەرز بکەنەوە و زانیاری رۆژانە ئاراستەی دەزگاکانی راگەیاندن بکەن، کۆری رۆژنامەوانی ببەستن و فیلـم و وێنە لـەسەر هەلـەبجە و قوربانیەکان و لـەسەر ئەنفال و گوندەچوکراوەکان و هەینەت و دەربەدەری خەلـك پێشان بدەن. یا خود پەیوەندیان پێوە بکەن و ئامادەیی خۆیان بۆ ناردنی رۆژنامەوان و هەوالـبەر دەربرن نەك خیزبایەتی بکەن و چالاکییان هەر بۆ حیزبەکەیان بکەن. پێم وایە لـەبەریەك نەگرتن و نەبوونی بەرە یا داموودەزگایەکی یەکگرتوویش ئاژانسێکی هەوالـدەری گشتی و قسەکەرێکی یەکگرتشیمان لـەکاتی ئەم روداوانە و روخانی پاش سەدامیش نابێت.

بۆچی پارتە دەسەلاتدارەکانی باشوری کوردستان دەستوریان بە نوێنەرە لاسار و بێکەلـکەکانی خۆیان نەدا کە ئەو پەرتوك و بەلـگە و ئالبۆم و فیلـمانەی کەلـەسەر ١ینۆسایدی کورد بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفالـەکان و گوندە سوتێندراوەکان هەیە بۆ سەرزمانی ئەو وەلاتانەی کە نوێنەریان لـەوێ هەیە وەربگرن و چاپ و بلاوی بکەنەوە و بە کۆمیتەکانی مافی مرۆڤ و یاسازان و پەرلـەمانتار و رۆژنامەوان و هێزە یساسیەکان و کەسایە یساسی و کۆمەلایەتی و هونەری و. . . بدەن تا بۆ رۆژێکی وا بەکەلـك بێت و بەم شێوەیە کار بکرێتە نە تەنیا سەر بیروورای کومەلانی خەلـك بەلـکو لـەسەر دەسەلاتدارانی ئەو وەلاتە بکرێت، بۆئەوەی هەم لـە کێشەی کورد و هەم لـە تاوانەکانی ئەو رژێمە فاشیسشتە ئاگادار بکرێنەوە و وەلاتانی مەم کەس پارێزگاری لێ نەکات و نەبێت بە نوسراوە و بە رێگای هەندێ نوێنەریانەوە داوایان لێ نەکرابێت کە بەم ئەرکە هەلـسن. ئەگەر سەرکردایەتی پارتەکانیان (حکومەتەکەیان) هەست بەوە ناکەن یا سەرقالی شتی ترن خۆدەبێ نوێنەرەکانیان بەم ئەرکە هەلـسن و هەندێ لـەو پارەیەی کە بۆ شتی بێ بەرهەم و بێ کەلـك یا بۆ رابواردنیان خەرج دەکرێت بۆ ئەو مەبەستانە تەرخان بکرێت. تەنانەت بەپارە یا بە کرینی هەندێ کەس لـە دام و دەزگاکانی راگەیاندنی وەك رۆژنامە و تەلـەفیزۆین هەندێشت بلاە بکرێتەوە وەك چۆن رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەکرین و بەرتیلـدان شتی دژی کورد بلاو دەکەنەوە.

لـەگەلـ رێزمدا ٢٠٠٣-٠٣-٠٤

تێبینی کوردستان نێت:

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لـە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**